# دەربارەی ئەوەی دەتوانین نەیکەین



جۆرجیۆ ئاگامبێن

و. وەلید عومەر

ئەمە نوسینێکی زۆر کورتی جۆرجیۆ ئاگامبێنە لە کتێبی ڕووتییەکان(Nudities)دا، کە چکاوەی کێشەیەکی فەلسەفیی گەورەیە، کێشەی توانین و نەتوانین، یان ماتەوزەو جووڵەوزە، بیلقوە و بیلفیعل، پۆتانشیێڵ و ئەکچواڵ. نمونە کلاسیکە فەلسەفییەکە ئەوەیە دەنکە گەنمێک خۆی پۆتانشیێڵ و ماتەوزەیە، بەڵام کە دەبێتە گوڵەگەنمێک ئیتر ئەکچواڵ و کردەکیدەبێتەوە و وەردەگەڕێت بۆ بوونێکی بەگەڕکەوتوو. بەڵام ئاگامبێن لێرەدا پێچێکی ناسکتر بەدەوری کێشەکەدا لێدەدات و چەمکی پۆتانشیێڵێتی(Potentiality) دەخاتە بەرامبەر ناپۆتانشیێڵێتییەوە. واتە ئەوەی دەتوانین بیکەین دەخاتە بەرامبەر ئەوەوە کە دەتوانین نەیکەین. ڕەنگە توانست و ماتەوزەی شتێکمان تیا بێت، بەڵام دەشتوانین نەیکەین. نەکردن خۆی دەبێتە جۆرە چالاکییەکی تایبەت. ئاگامبێن لەڕێی ئەم نوسینەوە، ڕەخنەی دونیای ئەمڕۆ دەکات کە هەموو ماتەوزە و پۆتاشیێڵەکانمان خاڵیدەکاتەوە. ئەم دونیایە هانماندەدات هەموو شت بڵێین، هەموو شت بکەین، هەموو شت دەرخەین، هەموو شت بجووڵێنین و هتد. ئاگامبێن پێیوایە مرۆڤ جۆرە گیانلەبەرێکە کە دەشتوانێت **نەکات**، نەک ئەوەی هەمووکات هەر **بکات**. واتە دەبێت دەست بە پۆتانشیێڵێتی و وزە نوستووەکانمانەوە بگرین، دەست بە **نەکردن**ەکانمانەوە بگرین، ئێمە هەر توانای **کردن**مان تیا نیە بەڵکو توانای نەکردنیشمان تیایە و دەتوانین شانبەشانی ئەم دونیایە نەڕۆینەپێشەوە. ئێمە زۆرجار توانین بە دارایی دەزانین، بەڵام "نەکردن و نەتوانین"یش جۆرێک لە دارایی هاوشان بەم داراییەی ترن. نەکردن، نەبوون نیە. نەکردن، بەپێی ئاگامبێن، دەستگرتنە بە **کردن**ەوە. توانای نەکردن، واتە تۆ "نەبوون"ت هەیە، سامانێکی گرنگ کە بڕەکەی هەروا بەسانایی نازانرێت. نوسینەکە بە دۆڵۆز و ئەرستۆ دەستپێدەکات، یەکەمیان فرمان و کارکردی دەسەڵاتی بەستووەتەوە بە پۆتانشیێڵێتییەوە، واتە دەسەڵات لە مانا فەلسەفییەکەیدا ئەودەم دەبێتە دەسەڵات کە مرۆڤ لە ماتەوزەکەی دابڕێنرێت و جیابکرێتەوە. لای دووەمیشیان، هەر وزەیەکی نوستوو لە پەیوەندییدایە بە وزەیەکی بەگەڕخراوەوە و بەپێچەوانەشەوە. لەپاڵ نوسینەکەی ئاگامبێنەوە دەتوانین بڵێین، ڕێزگرتن لە ناپۆتانشیێڵێتی و توانای ئەنجامنەدان، ڕێزگرتنە لە بێدەنگیش. تۆ دەتوانیت بەشێک نەبیت لەم پۆتانشیێڵێتییە هەڵڕژاوەی ئەمڕۆ. بەشێک نەبیت لەو دۆخەی کە هەرچۆن کێشیدەهێنرێتەوە، خەڵکیش لەگەڵیدا کێشیاندێتەوە و وەک لاستیکێکی پەڕپووت دەکشێن. مرۆڤ دەتوانێت لەناو **نەکردن**دا بژی، ئەمە ناچالاکبوون نیە، بەڵکو دانیشتنە لەبن ئیمکانێکی مرۆییدا و زۆرجاریش بەرەکەتی لە **کردن** زیاترە، جا هەر چەشنە **کردن**ێک بێت (و).

جارێکیان "دۆلۆز" کارکردی دەسەڵاتی بە دابڕینی مرۆڤ لەو شتە زانی کە دەتوانێت **بیکات،** واتە لە پۆتانشیێڵیتییەکەی[1] (لە ماتەوزە یان وزە نوستووەکەی). بەر بە هێزە چالاکەکان دەگیرێت بکەونەگەڕ، جا بەهۆی بێبەشبوونیانەوە بێت لە هەلومەرجی مادیی پێویست، یاخود قەدەغەیەک هەیە و بەشێوەیەکی ڕەسمی دەیانکاتە کاری نەکردە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دەسەڵات لە ملهوڕترین و دڕندەترین سیمای خۆیدا، مرۆڤ لە پۆتانشیێڵەکەی دادەبڕێت؛ و ئیتر ئالێرەشەوە بێتوانا و [شلەپەتە[2]]ی دەکات. وێڕای ئەمەش، دەسەڵات ڕۆڵوکارکردێکی شاراوەی تری هەیە کە ڕەپوڕاست کارناکاتە سەر ئەو شتەی کە مرۆڤەکان دەتوانن **بیکەن-** واتە سەر پۆتانشیێڵیتی و ماتەوزەکەیان-، بەڵکو کاردەکاتە سەر «نا-پۆتانشیێڵیتی»یەکەیان[3]، سەر ئەوەی ناتوانن **بیکەن،** یان باشتر بیڵێین: سەر ئەوەی دەتوانن **نەیکەن.**

ئەو خاڵەی کە "پۆتانشیێڵیتی"، هەمیشە لەبنەڕەتدا "نا-پۆتانشیێڵیتی"یەکیشە؛ و توانای کردن(ability to do) هەمیشە پێشوەخت توانای نەکردن(ability to not do)یشە، خاڵێکە ڕۆڵێکی هەرەگرنگ لە فیکری ئەرستۆدا دەگێڕێت. هەر خۆی لە بەرگی نۆی **میتافیزیک**دا دەنوسێت: «نا-پۆتانشیێڵیتی(adynamia) بێبەشبوونێکە لەبەرامبەر پۆتانشیێڵیتی(dynamis)دا. هەر پۆتانشیێڵیتییەک هاوکات ناپۆتانشیێڵیتیی هەمان شتە [پۆتانشیێڵیتی] و لەپەیوەندییدایە بە هەمان شتەوە [کە هەر خۆیەتی]». ناپۆتانشیێڵیتیی لێرەدا هەروا بە مانای نەبوونی ماتەوزە و پۆتانشیێڵیتی نیە، بە مانای ئەوە نایەت نەتوانیت شتێک بکەیت، بەڵکو بەر لە هەموو شت بە مانای **توانای نەکردن** دێت(being able to not do). [واتە بە مانای ئەوەی بتوانیت نەیکەیت]، توانای ئەوەی کە پۆتانشیێڵیتی و ماتەوزەکەی خۆت نەخەیتەگەڕ. ڕاستییەکەی، هەر ئەم **جووتجەمسەرییەی** پۆتانشیێڵیتییەیە(واتە توانای ئەوەی ببی و نەبی، بیکەی و نەیکەی) کە وزە نوستووەکەی مرۆڤ پێناسەدەکات. دەتوانین بڵێین، مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووە کە وجودی وی لە دۆخی پۆتانشیێڵیتیدایە، چەنێ دەتوانێت کارێک بکات ئەوەندەش توانای پێچەوانەکەی هەیە، واتە چەنێ دەتوانێت بیکات، ئەوەندەش

---

[1] Potentiality

[2]. لە تێکستە ئینگلیزییەکەدا ئاوەڵناوی impotent هاتووە کە هەم نەفیکەرەوەی چەمکی potentialـە کە دەکاتە بێتوانا، هەم وشەکە بارێکی سێکسیی هەیە و بۆ مرۆڤێک بەکاردێت توانای جنسیی دابەزیبێت و گەڵوگونی لێی قەومابێت و بە مانایەک لە ماناکان سست و خەسیو و شلەپەتە بێت- و

[3] impotentiality

دەتوانێت نەیکات. ئەمەش ئەو شتەیە کە مرۆڤ لە هەر بوونەوەرێکی تر زیاتر تووشی هەڵەوپەڵە دەکات، بەڵام هاوکات ئەو بوارەشی بۆ دەکاتەوە توانستەکانی[4] خۆی بچنێتەوە، سووکوئاسان دەسەڵاتی بەسەریاندا بشکێت و بیانگۆڕێت بۆ **لەبارابوون**(Faculty). ئەمە نەک هەر پێوەرێکە بۆ پێوانەکردنی ئەوەی کەسەکە دەتوانێت **بیکات،** بەڵکو لەوە زیاتر و لە نیگای یەکەمیشدا، ئاماژەیە بۆ هێشتنەوەی پەیوەندیی خۆت بە ئیمکانی **نەکردن**ەوە، و پێگەی کاروکردەی کەسەکەشمان بۆ دەستنیشاندەکات. بۆنمونە، ئاگر تەنیا دەتوانێت شت بسوتێنێت و باقیی بوونەوەران تەنیا ئەوەیان لێ دەوەشێتەوە ماتەوزەکانی خۆیان بخەنەگەڕ: واتە دەتوانن ئەم هەڵسوکەوت یان ئەو هەڵسوکەوتی تر بکەن کە لە چارەی بایۆلۆژییان نوسراوە. مرۆڤەکانیش کۆمەڵێک گیانەوەرن دەتوانن شکڵوشێوە بە ناپۆتانشێڵێتییەکانی خۆیان ببەخشن و [شتانێک نەکەن کە دەتوانن نەیکەن].

ئەوەتا ئەمڕۆش ئەو دەسەڵاتەی کە بۆ مەخسەرە بە "دیموکراسییانە" ناودەبرێت، لەم دیوە لاڵولێڵەی پۆتانشێڵیتی‌یەوەیە دەست بۆ کاروکردار دەبات. [واتە ئەم دیموکراسییەی کە ئەمڕۆ خۆوبەختی بە دیموکراتیک دادەنرێت، ئەو دیوەی پۆتانشێڵێتی زەقدەکاتەوە کە دەبێت بەردەوام کردار بنوێنیت]. ئەمەش لەسەرەتاوە مرۆڤ هەر لەو شتە دانابڕێت کە دەتوانێت بیکات، بەڵکو زۆرجار لەوەشی دادەبڕێت وا دەتوانێت نەیکات. مرۆڤی ئەمڕۆ، لە ناپۆتانشێڵێتییەکەی خۆی دابڕێنراوە و لە ئەزموونی ئەو شتەشی کە دەتوانێت نەیکات بێبەشکراوە، کەچی بڕوای بەوە هێناوە توانای کردنی هەموو شتێکی هەیە و سازودڵخۆش دێت و لەسەریەک دەیڵێتەوە: «قەیچێکا کێشە نیە»، و بەشێوەیەکی نابەرپرسیارانەش یەژێت: «دەتوانم بیکەم»؛ ئەویش کتومت لەو کاتەدا کە دەبوو تێبگات یەک دونیا پەڵپ و پرۆسەی لێ بارکراوە کە خۆیشی ئیتر دەسەڵاتی بەسەریاندا ناشکێت. ئەم مرۆڤەی ئەمڕۆ، چاوی لە ئاست توانین و توانستەکانی خۆیدا نەنوقاندووە، بەڵکو لە ئاست نەتوانینەکانی[5] خۆیشیدا نوقاندووە، لە ئاست ئەو شتانەدا نەینوقاندووە کە دەتوانێت **بیانکات** بەڵکو لە ئاست ئەو شتانەشدا نوقاندوویەتی وا دەتوانێت **نەیانکات.**

[4] Capacity

[5] incapacities

بەم پێیە، ئەوپەڕی پشێویی سەردەمی خۆمان کەوتووەتە نێوان پیشەکان و کاروکاسپییەکانەوە، نێوان هاوشوناسییە پیشەییەکان و "ڕۆڵ"ـە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەرکام لەم ڕۆڵانە بگریت ئەکتەرێکی بێدەنگ دەینوێنێت، ئەکتەرێک کە لووتبەرزییەکەی کەوتووەتە بەرامبەر ناسەقامگیری و نادڵنیایی نواندنەکەیەوە. ئەو ئایدیایەی گوایە هەرکەس دەتوانێت هەمووشت بکا و ببێتە هەمووشتیش-ئەو بەدگومانییەی نەک هەر ئەو دکتۆرەی ئەمڕۆ دەمپشکنێت و بەیانی دەتوانێت ببێتە بێژەری سەر تەلەفزیۆن[6]، بەڵکو ئەو میرغەزەبەی وا ڕۆحمدەکێشێت هەر لەو وەختەدا گۆرانیبێژیشە(وەکچۆن لە **دادگایی**ەکەی کافکاشدا هەر وا بوو)-، هیچ نیە جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو ئاگاییەی وا هەموان سافوسادە خۆیان دەدەنە دەستی ئەو مەتاتیبوون و کێشهاتنەوە[7]یەوە کە ئەوڕۆکە تایبەتمەندیی سەرەکیی بازاڕە و بە ڕووی هەموو کەسێکیشدا دەدرێت.

هیچ شتێ لەوە دەستتەنگتر[8] و بەرتەنگترمان[9] ناکات وەک ئەو کاتەی لەم ناپۆتانشیێڵیتییەی خۆمان دادەبڕێنرێین. ئەوانەی لەو شتە دابڕێنراون کە دەتوانن **بیکەن**، هێشتاش هەر توانای بەربەرەکانێیان تیا ماوە: ئەوان هێشتاکانێ هەر دەتوانن **نەیکەن** (Not do). لەلایەکی تریشەوە، ئەوانەی وا لە ناپۆتانشیێڵیتییەکەی خۆیان دابڕاون، بەر لە هەر شتێ، توانای بەرەنگاری لەدەستدەدەن. وەکچۆن تەنیا وشیارییەکی بەتین دەرهەق بەوەی ناتوانین **بیکەین**، حەقیقەتی ئەو شتەمان بۆ مسۆگەردەکات کە **هەین**(what we are)؛ بۆیە تەنیا دیدێکی ڕوون دەتوانێت یەکانگیری ببەخشێتە کاروکردارەکانمان، دیدێکی ڕوون دەرهەق بەوەی ناتوانین **بیکەین** (یان دەتوانین **نەیکەین**).

---

[6] video artist (= دەقەکە خۆی)

[7] Flexibility

[8] Impoverished

[9] less free

## سەرچاوەکان:

* Giorgio Agamben: "On What We Can Not Do", in *Nudities* (Stanford University Press 2011), Chapter 5, p43-45

- درباب آنچه می‌توانیم انجام ندهیم، جورجو آگامبن، مترجم: کامران برادران رزاز، تز ۱۱.